

# شێوازی جلوبەرگی مارکەکان بۆ وەرزی پاییز

## گوارەی شۆڕ و درێژ لوتکەی ئێکسسواری پاییزە

مـۆدی ئێکسســوارەکان بەنـدە بـە کات و شـوێن و وەرزەکان، پێویسـتە دۆلاب و بوخچـەی هـەر خانمێـك کۆمەڵێك ئێکسسـواری هەمەچەشنی تێدا بێـت، تا هەر یەکێکیان لە کاتی خۆیدا بپۆشـێت، مەرج نییە هەموو ئێکسسـوارەکان لە مارکەی گرانبەهاش بن، با هەموو ستایلێکێت هەبێت، وەرزی پاییزیش دواوەرزی دەرکەوتنی ئێکسسـوارە، چونکە لەو وەرزەدا کورت و کراوە کەمتر دەپۆشـرێت و ئێکسسـوارەکان زۆر دەرناکـەون، بـەڵام پسـپۆڕان ئامـاژە بۆ دەرخسـتنی ئێکسسـوارەکان لە وەرزی

## شێوازە ناوادارەکانی ئارایشتی پرچ




لە زۆربەی نمایشـەکانی جلوبەرگ و نمایشـی تایبەتدا، شێوازی ئارایشتی پرچـی نمایشـکاران و هەنـدێ لە ئامادەبووان، دەبنە سـەرنجی هەمووان، تەنانەت زۆربەی کچان و ئافرەتانیش بیر لەو شێوازانە دەکەنەوە، ئاخۆ بە چ شێوازێك دانراون. لە دواترین نمایشەکانی شاری میلانۆ، شاری مۆدە و فاشـیۆنە (٨) ئارایشـتی جیاواز لەسـەر قژی نمایشـکاران پیشـان دران، لێرەوە ئاشـنای ئەو شـێوازە ئارایشـتانە بە و لە کاتی بۆنە و یاد و شوێنی تایبەتدا بۆ پرچی خۆت هەڵیانبژێرە :

وەرزی پاییز بە ناوازەترین ساتە جوانەکانی ساڵ دادەنرێت، ئەگەرچی لەو وەرزەدا گەڵای دارەکان هەڵدەوەرێت، بەڵام ئاسۆی مۆدە و جلوبەرگ دەگەشێتەوە، بەهۆی ئەوەی لەو وەرزەدا تیشکی هەتاو کزتر دەبێت، بۆیە پسپۆڕانی جوانکاری مۆد و بەرهەمەکانیان لەو وەرزەدا نمایش دەکەن. دوایین نمایشەکانی جلوبەرگی پاییزی ئەمساڵ بریتی بوو لە نمایشی (مایسۆن مارگیلا - maison margeila) هەروەها مۆدە سەیرەکانی شانێلیش ئەسپی خۆی تاو دا، دیزاینەر (کارلا گارفیلد) لە مارکەی شانێل (CHANELL)، پێیوایە کە لە وەرزی پاییزدا زیاتر بایەخ بە جلوبەرگی کلاسیك بدرێت، کە زیاتر ڕەنگی ڕەشی کردۆتە مۆدی سەرەکی بۆ ئەو وەرزە، بەتایبەت ئەو جلانەی لە بەشی سەرەوە وەك سینگ و سەردەستەکانەوە بە نەرمی و خاوی دیار دەبن، هەروەها لە ناوەڕاستی جەستەدا، بە تەسکییەوە دیار دەبن، زیاتریش جەختی کردۆتە سەر پانتۆڵ، چ جینز، یان قوماش بێت. لەلایەکی دیکەوە مۆدەکانی دیۆر (DIOR) تیشکیان خستۆتەسەر جلی سادە، کە دوور بێت لە نەخش و هێلکاری، بایەخیان بە ڕەنگەکانی (ڕەش و سپی و قاوەیی) داوە، مەرجیشە جلی پاییز ئاراستەیەکی کلاسیکیشی پێوە دیار بێت. مارکەی جیورجیۆ ئەرمانی (GEORGO ARMANI) پێیوایە جلی (تایۆرات و سویت)، واتە هەردوو مۆدی جلی درێژ و چاکێت، باوی وەرزی پاییز دەبن، بە مەرجێك ڕەنگەکانی لە ڕەنگی تۆخ نەبن و ڕەنگە کاڵەکان بکرێنە ڕەنگی سەرەکی بۆ جلی پاییز.



پاییزدا دەکەن، تا ببێتە ڕەگەزێکی دیکەی جوانی پاڵپشت بە جلوبەرگ و ماکیاژ، هەر بۆیە پێشنیاریان بۆ هەڵبژاردنی گوارەکان لەو وەرزەدا ئەوەیە کە گوارەی درێژ و شۆڕ لە گوێ بکرێن، نەوەك تەنیا ئەو ئێکسسوارە بۆ چینێکی خانمانە، بەڵکو خانمانی بەناوبانگیش هەمان ستایلیان هەڵبژاردووە، لەوانە: میشێل ئۆبامای هاوسەری باراك ئۆباما، خانمە پارێزەری بەناوبانگ ئەمەل عیلمەدین، کە هاوسەری جۆرج کلۆنییە، کیت میدلتۆنی هاوسەری شازادەی بەریتانیا، هەمان ئەو شێوازە بۆ چەندین ساڵە پەیڕەو دەکەن، کە لە وەرزی پاییزدا گوارەی شۆڕ و درێژ لە گوێ دەکەن، چونکە بە جوانی لە ژێر گوێچکەدا دەردەکەون و بەشێکیشیان دەکەوێتە سەر مل و شانەکان، بەمەش جوانترین دیمەنی جوانی دەبەخشن.





- گوتشی: کە بە مۆدی لەف کردن و کەزی کردن و دانانی کڵاو دەناسرێت، ئارایشتێکی ناسکە و و بۆ هەموو تەمەنێك دەبێت.
- بۆتیگا فینیتا: بە دانانی تەوقەیەکی گەورە لە سەر گوێچکەکانەوە، مۆدێکی نایاب بە سەر و پرچت دەدات، بە تایبەت ئەگەر لەلایەك بێت.
- ئەلبێرتا فرێتی: لەو مۆدەیەدا، پێویست ناکات پرچت ببەستیت، بەڵکو دەکرێت ناوەڕاستی پرچت بکەیتە گرێ و کەزی، ئەوەش بە سەری پەنجەکانتەوە دەکرێت.
- ڤەندی: ئەو مۆدە جەختی کردۆتە سەر شێوازی کلکی ئەسپ، تەنانەت دەتوانیت پرچت لە دواوە بکرێتە دوو بەش، بە خاوی بێتە خوارەوە.
- سەلڤاتۆر فێگامۆ: دیزاینەر (ئەنتۆنی تێرنەر) بەشی پێشەوەی سەری بە سادەیی هێشتۆتەوەو کە ئەوەش بە شانەوە دەکرێت، بەشی زۆری پرچ دەخرێتە ناوەڕاست و پشتە سەر.
- مەیسونی: شێوازێکی ناسکەو بەشی پێشەوەی پرچ دەکرێتە دوو بەش، لە خوارەوەش بە کەزی و گرێ تەواو دەبێت، دەشتوانیت تەوقەی قوماش بەکاربهێنیت.
- دۆڵچی و گابانا: شێوازێکی دیکەی ئارایشتە، کە بەشی ناوەڕاستی سەر بە ئێکسسوار و مەرجان و تیجان دەڕازێندرێتەوە، دواتریش دەکرێتە کەزی.
- پرادا: ئارایشتێکی ناسکە، تەڵی هەردوولای پرچ، دەخرێنە سەر گوێچکەکان، لە ناوەڕاستی سەریشدا یان لە لاتەنیشتێك پرچ لەت دەکرێت.


# پێشبڕکێی شاجوانانی کوردستان و جیهان وگەردوون






سالآنە لەسەر ئاستی جیهاندا، دوو پێشبڕکێی شاجوانی ئەنجام دەدرێن، یەکێکیان شاجوانی جیهانە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥١) ئەمجام دراوە، ئەوەی دیکەش شاجوانی گەردوونە کە مێژووی بۆ ساڵی (١٩٥٢) دەگەڕێتەوە، بۆ ئەمساڵیش وابڕیارە لە (١٩-١٢-٢٠١٦) پێشبڕکێی ژمارە (٦٦) بۆ ئەنجام بدرێت، شاجوانی جیهانی ساڵی (٢٠١٥) کچە ئیسپانییەك بوو بەناوی (مێرییا لالگوینا) بوو، کە ئەمساڵ دەبێ تاجەکەی سەری پێشکەشی شاجوانی ئەمساڵ بکات، هەروەها شاجوانی گەردوونیش کچێکی فلیپینی بەناوی (پیا ورتزباج) بوو، ئەویش بە هەمان شێوە شوێنەکەی بە شاجوانی گەردوونی ئەمساڵ دەدات. کوردستانیش وەك وڵاتانی جیهان خۆی بێبەش نەکردووە لەو پێشبڕکێیەی جوانی و نوێنەری گەشتیاری، هەربۆیە شاجوانی خۆی هەڵبژارد، لە ڕێوڕەسمێکی جواندا و لە شاری هەولێر، بەهۆی باری کوردستان نەتوانرا بۆ ماوەی (٢) ساڵ ئەو پێشبڕکێیە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەمساڵ لە سایەی بەرگریی پاڵەوانانەی پێشمەرگەو ئەو کەشە هەموارەی کوردستان، بە بەشداری (٦٣) کچە کوردی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامدا (١١) گەیشتە قۆناغی کۆتایی پێشبڕکێیەکە، لە نێو ئەو کۆمەڵە پێشبڕکێکارەدا، کچە شۆخ (ژاڵیا سیروان) پلەی یەکەمی بەدەستهێناو نازناوی شاجوانی بۆ خۆی دابین کرد. ژاڵیا تەمەنی (٢٠) ساڵە، بەژن و باڵای بەرز و ڕەنگی ئەسمەرە، لێو ناسك و چاوگەشە، قوتابی زانکۆیە لە بواری ژمێریاری دەخوێنێت، هەروەها کچە ناسکی شاری هەولێر (سارای ئەسکەندەر)، بە شاجوانی خەڵك دەستنیشانکرا، هاوەڵی یەکەمی شاجوانیش ناوی (سەرگوڵ سەلام) بوو، جێگەی باسە شاجوانی عێراق ئەویش کچە کوردێکی خەڵکی شاری کەرکووك بوو بە ناوی (شەیما قاسم)، هەروەها شاجوانی زەویی عێراق کچێکی خەڵکی سلێمانییە بە ناوی (سۆزان عامر)و وابڕیارە شاجوانی عێراق بەشداری لە شاجوانی گەردوون بکات، وەك نوێنەری عێراق، هەورەها شاجوانی زەویش بەشداری لە پێشیرکێی شاجوانی زەویی جیهان بکات کە لە وڵاتی فلیپین ئەنجام دەدرێت.





# زیاتر لە ٥٠ ساڵە لە ئەشکەوتێک دەژین


خۆشی و شادی نێوان هاوسەران بە سەروەت و سامان کۆشك و تەلار نییە، ئەوەتا ئەو دوو هاوسەرە تەمەنێکە لە نێو ئەشکەوتێکدا دەژین، بەبێ ئەوەی هەست بە بێزاری و دڵتەنگیش بکەن. ئەو دوو هاوسەرە لە وڵاتی چین دەژین و ناویان (لیانگ زیفۆ)ی تەمەن ٨١ ساڵ و هاوسەرەکەی (لی سوینگ)ی تەمەن ٧١ ساڵە کە لە ئەشکەوتێك دەژین دەکەوێتە ناوچەی (نانشۆنگ) و ماوەی (٣) ساڵە لەو ئەشکەوتە دۆزراونەتەوە، ژیانێکی سادە و ساکار و سرووشتییان هەیە، کاتێك لە پیاوەکەیان پرسیوە ئاخۆ چەند ساڵە لەو ئەشکەوتە دەژین، ئەویش بە پەرۆشەوە گوتوویەتی: ماوەی (٥١) ساڵە لێرە دەژین. تەنانەت کۆمەڵێك گیاندار و باڵندەیان هەیە، کە وەك سەرچاوەیەکی خۆراك سوود لە بەرهەمەکانیان وەردەگرن، ئەشکەوتەکەیان بە جۆرێك ڕێکخستووە وەك ماڵێکی ئاسایی وایە، پێکهاتووە لە (٣) ژوور و ژووری چێشت و دانیشتنی هەیە.

# شەوێک لە نێوان دوو وڵاتدا

گەشتکردن مافێکی سەرەتایی هەموو کەسێکە و بۆی هەیە سەردانی هەر شوێنێك بکات کە مەبەستی بێت، لە گەشتیشدا گەڕان و ڕۆیشتن و بینینی شوێنی گەشتیاری و سرووشتی جوان خۆشترین ساتەکانی گەشتە. وەك هەستێکی نادیار، زۆربەی خەڵك حەزدەکات سەردانی وڵاتانی دیکە بکات، کە هەندێکیان سنووری نێوانیان ئەوەندە دوورە بە ڕۆژ و شەو پێناگەیت، سنووری هەندێکی دیکەش تەنیا نێون دوو سەرین و پێخەفی نووستنە، ئەوەی دەیبینن هوتێلێکە بە ناوی (ئاربێز – Arbez)، دەکەوێتە سەر سنووری هەردوو وڵاتی (فەڕەنسا و سویسڕا)، بە جۆرێك دروست کراوە کە ناوەڕاستی زۆربەی ژوور و هوتێلەکە بەشێکی لە سنووری وڵاتی سویسڕایە و بەشێکی دیکەی لەنێو سنووری وڵاتی فەڕەنسایە، تەنانەت لە هەندێ ژووردا، دوو سەرین دانراون لەسەر سیسەمێك، یەکێك لە فەڕەنسا و یەکێکی دیکەش لە سویسڕایە، واتە دەتوانی شەوێك لە نێوان دوو وڵاتدا بەسەر ببەیت. ئەو هوتێلە لەساڵی (١٨٦٢) دروست کراوە و تا ئێستاش ماوە، کە پێشتر شوێنی سەوزە و میوەفرۆشتن بووە، لەلایەن (جولیاس جیان ئاربێز) کراوەتە هوتێل و نرخی هەر شەوێك لەو هوتێلەدا (١٠٩) دۆلارە.



## پەند و وتە




- سوقراتی فەیلەسووفی گەورە، دەربارەی ڕۆشنبیرکردنی کەسایەتییەکان و ڕۆڵیان لەنێو خەڵکدا گوتوویەتی: کاتێك پیاوێك ڕۆشنبیر دەبێت، یان خۆی فێری زانست و زانیاری دەکات، لێرەدا واتە کەسێك ڕۆشنبیر بووە، بەڵام کاتێك ئافرەتێك ڕۆشنبیرە، یان لە زانست و زانیاریدا پێشدەکەوێت، واتە هەموو ئەندامانی خێزانەکشی ڕۆشنبیر و پڕ زانست و زانیاری دەبن.

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ڕیز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

ۆ س ڤ ا ل

ئاسانکاری : ناوچەیەکی گەشتیارییە لە باشووری کوردستان.




## مارمیلکەی سپایدرەمان

ڕەنگە زۆربەمان زنجیرە فیلمەکانی سپایدەرمانمان ببینیبێت، کە ئەو پیاوەی وەك جاڵجاڵۆکە بە سەر باڵەخانە و شوێنە بەرزەکان دەکەوێت، گوزارشت لە توانا و تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەکات، ئەگەر تێبینی بکەین ڕەنگی جاڵجاڵۆکە زیاتر ڕەش و بێجی و سپییە، بەڵام ڕەنگی جلوبەرگی پیاوی سپایدرمان بریتییە لە سوور و شین و ڕەش و مۆر، ئاخۆ ئەو ڕەنگانە لە چییەوە هاتوون، دواجار وەڵامی ئەو نهێنییە دەرکەوت کە ڕەنگی سپایدرمان لە جۆرە مارمێلکەیەك وەرگیراوە کە ناوی (لیزارد – Lizard)ـەو ئەو جۆرە گیاندارە خشۆکە لەلایەن زانای زیندەوەرزانی (جینیڤەر گۆڵد)ی (٦٤) ساڵ لە دارستانەکانی وڵاتی نایرووبی لە کیشوەری ئەفریقیای دۆزراوەتەوە.

## هەنگ ئەوەندەی منداڵێکی ساوا



وەك ئاماژەیەك بۆ گرنگی و ڕۆڵی هەنگ لە ژیانی مرۆڤدا، بەتایبەت ئەو هەنگوینەی دروستی دەکات، گەورەترین و گرنگترین سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤە، بۆیە هونەرمەندێکی وێنەکێش کە خۆی سەرسامە بە هەنگ و ناوی (مات وێلی)یەو لە شاری نیویۆرکی ئەمریکی دەژیت. ساڵانێکە خووی بە وێنەکێشانی هەنگ لەسەر داروبەردی شارەکەی گرتووە، هەر هەنگێکی کە وێنەی دەکێشێت ئەوەندەی منداڵێکی ساوا دەبێت، تا ئێستا وێنەی زیاتر لە (٥٠٠٠٠) هەنگی لەم جۆرەی کێشاوە. کارەکانی بە نمایشی وێنەکێشانی سەرشەقام و شوێنە گشتییەکان دادەنرێت.




### کاوڕ

پێوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی نزیکت بەرەو باشە چووە، خۆت لەسەر کەسی دیکە فەرز مەکەو چاوت لە کارەکانت بێت. شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕەو بە ئەنجامی کارەکانت ڕەزامەند بە، چونکە پێشبینی شتێك دەکەیت و پاشان وا دەرناچێت.



### گا

ئامادەبە بۆ هەر گۆڕانکاری و ئەگەرێك لە ژیانی ڕۆژانەت. ماوەیەك بەو کارەوە سەرقاڵ بووی و ئاواتت ئەوە بوو کاتەکانت بکوژی، پێویستە بیر لە باش و خراپی کارەکانت بکەیتەوە، چونکە هەموو شتێك بە ئاوات و خواستی تۆ نابێت. لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا ڕێگە بگرە.



### جمک

ئەوەندە نکۆڵی لە بیرۆکەکانت مەکەو بیر لە کاروباری خۆت بکەوە. ماوەیەکە ئەو گرفتە بێزاری کردووی و ناتوانی چارەسەری بکەیت. کەسێکی نزیکت نیازی وایە یارمەتیت بدات، تۆش ڕێگەی نادەیت. ئەوەندە خەیاڵ بە ژیانی داهاتووت دامەنێ.



### قرژاڵ

کەسانی دەوروبەرت بیروڕای جیاوازیان هەیە، ڕای هەموویان ڕەت مەکەوە و تەنیا ڕای خۆت لەلا مەبەست نەبێت، ئەو کاتانەی هەست بە تەنیایی دەکەیت بیر لە داهاتوو بکەوە، کێشەکەت بچووکەو مەهێڵە گەورەتر بێت، گەشبین بە لە بیرکردنەوە.



# بۆ زانیاریت

## ڕۆژانەی کوێربوونی مرۆڤ

لە هەر کاتێکدا چاوت دەجووڵێنی، یان دەتروکێنیت ئەوە بۆ ماوەیەکی کاتی و کورت کە چەند بەشێکە لە چرکە، یان چرکەیەك توانای بینینت نامێنیٚ، ئەگەر هاتوو لە بەردەم ئاوێنەیەك وەستایت و چاوت جووڵاندن، یان تروکانەکانت هەژمار بکەی، ئەوە لە ڕاستیدا ناتوانی جووڵەکانی چاوت لە ئاوێنەکەدا ببینی کە دەجووڵێت، چونکە لەو ساتەی چاوت دەجووڵێنی مێشك دەوەستیٚ لە چارەسەرکاری ئەو دیمەنە. زانایان دەڵێن ئێمە ڕۆژانە بۆ ماوەی (٤٠) خولەك توانای بینایی لە دەستدەدەین. ئەمەش دیاردەیەکە ناسراوە بە - Saccadic masking))، کە تێیدا مێشك ڕێگری دەکات لە بینایی چاو لەو ساتەی چاو دەجووڵێنیت بە لایەکدا، یان لە کاتی تروکاندن، ئەگەر هاتوو ئەو دیاردەیە لە چاوی ئێمەدا بوونی نەبووایە، ئەوا بیناییمان وەکو لینز و زوومی کامێرای لێدەهات کە لەگەڵ هەر لەرینەوەیەکی وێنە و ڤیدیۆکان لە کامێراکەدا تووشی لێڵی و شێوان و ناڕوونی دەبووین.




### نەهەنگ

ماوەیەکە کاتێك دەتەوێت هەنگاوێك بهاوێژی، تووشی دوودڵی دەبیت، تەنانەت کاتێك دەتەویٚ بڕیارێك بدەیت، زۆر نیگەران دەبیت، پێویستیت بە یارمەتی کەسێکە تا لەو کێشانە ڕزگارت بکات، هەوڵبدە کارەکانی خۆت نەدەیتە دەست کەسانی دیکە، لەگەڵ کەسانی خێزانەکەت هێمن و نەرم بە.



### گۆزە

ماوەی داهاتووت ساتێکی خۆشی لەگەڵدا دەبێت، کەسێکی باشت کردۆتە هاوڕێت و هاوکارتەو هەمیشە وا بیربکەوە کە لە نزیکەوە بە ئامانجەکانت دەگەیت، بەڵام بیرکردنەوەت بۆ داهاتووت ڕەشبینانەیەو پێویستە هۆکارەکانی دیاری بکەیت، تا داهاتووت ڕوون بێت.



### گیسک

پێویستە بە جوانی بەدواداچوون بۆ ئەو گرفتانە بکەیت کە دێنەسەر ڕێگەت و ئەو کێشانەی ڕابردووت بە ئێستاوە مەبەستەوە. هەندیٚ کاتت پێویستە تا ئەوەی لە دڵتە لە بیریان بکەیت، کەسێکی باش دێتە نێو ژیانت و یارمەتی بدە و هەماهەنگی لە کارەکانیدا بکە.



### کەوان

هەمیشە وابیر بکەوە کە ئەوانەی ڕۆیشت، چیدی نایەتەوە ڕێگەت، چونکە بیرکردنەوە لە ڕابردوو بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، کێشەی خۆت و ئەو کەسە خۆشەویستەت زوو چارەسەر دەبێت، بەڵام پێویستی بە هاوکاری تۆیە تا لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون.



### شێر

پێویستە ماوەیەك بە کارو بیرۆکەکانتدا بچیتەوەو بزانی هەڵەکانی ژیانت لە کویٚ سەرهەڵدەدەن، چونکە ماوەیەکە کێشەوگرفت بەرۆکەت بەرنادەن، ئەو کەسەی لەکارەکانت هاوبەشە، دەیەویٚ کارێکی باشت بۆت بکات، بەڵام یارمەتی تۆی دەویٚ، ژیرانە بڕیارەکانت بدە.



### گوڵەگەنم

ڕووبەڕووی گرفتەکانت ببەوە، بەتایبەت کاتێك بەرەو کارەکانت ڕێگە دەگری، شێوازی بیرکردنەوەت گونجاوە تا لەگەڵ کاری ئێستاتدا بڕۆیت، هەمیشە بیر لە داهاتووی خۆت بکەوە و مەترسە لە کێشەکانت، چونکە زۆریان نەماوەو چارەسەر دەبن.



### شایان

هەمیشە وابیر بکەوە کە ئەوانەی ڕۆیشت، چیدی نایەتەوە ڕێگەت، چونکە بیرکردنەوە لە ڕابردوو بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت، کێشەی خۆت و ئەو کەسە خۆشەویستەت زوو چارەسەر دەبێت، بەڵام پێویستی بە هاوکاری تۆیە تا لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون.



### دووپشک

ماوەیەکە لە کارەکانت شپرزەییت پێوە دیارەو مەهێڵە کێشەیەك هەموو ژیانت تێکبدات. خەریکی ژیانی ئاسایی خۆت بەو کێشەکانیش لەخۆیانەوە چارەسەر دەبن، هەنگاوێکت لەپێشەو بیری لیٚ بکەرەوەو بڕیاری لەسەر بدە، شێوازی مامەڵەکردنت باشتر بکە.